# هەوی ناوپۆشی دڵ – ئێندۆکاردیت
## (Endocarditis)







ئێندۆکاردیوم ( ناوپۆشی دڵ– *endocardium*) تۆیخی ناو دڵە کە تەواوی ژووری دڵ، دەربیجەکان ودیوەکانی دادەپۆشێ. بە هەوی ناوپۆشی دڵ ئێندۆکاردیت دەکوترێ. دەربیجەکانی دڵ زۆرتر تووشی ئەم نەخۆشیە دەبن. ئێندۆکاردیت لە پێوەندی لەگەڵ هۆیەکانی پێکهێنەری بە دوو چەشنی عفونی(باکتریایی)و ناعفونی( یا خاوێن ) دابەشدەکرێ .ئێندۆکاردیتی ناعفونی یا خاوێن بە نیسبەتی چەشنی عفونی کەمتر دەبیندرەێ.

باکتریەکان سەرچاوەی سەرەکی ئێندۆکاردیتن. باکتریەکانی گروپی ستافیلۆکۆک (*Staphylococcus* ) و ستریێپتۆکۆک (*Streptococcus* ) و یا ئەو باکتریانەی کە لە حاڵەتی سروشتی لە پێست و دەمی مرۆڤدا دەژین، بە هۆی ئازار وبریندار بوونی پێست، جەراحی ددان و ناودەم، جێی دەرزی بە تایبەت لە خووگەرەکان بە مادەی سڕکەر، ڕەوانەی خوێن دەبن و لە ڕێگای سیستێمی سووڕانی خوێن دەگەنە دەربیجەکانی دڵ ولەوێ جێگیر دەبن.

پەرەگرتوویی ئێندۆکاردیت لەپێوندەی لە گەل هێزی نەخۆشزایی باکتریا و







ئازار دیتنی تانی ئێندۆکارد دەتوانێ توند و سەخت ( ئێندۆکاردیتی کوت وپڕ– acute endocarditis ) یا سوک و بە مەترسی کەمتر بێ( ئێندۆکاردیتی ژێرکوتوپڕ– subacute endocarditis).

## ئێندۆکاردیتی کوتوپڕ – Acute Endocarditis.

چەشنی هێرشکەری (ئاگرەسیوی)باکتریای پێست، بەتایبەت ستافیلۆکۆکەکان لە ڕێگای خوێنەوە ڕەوانەی دڵ دەبن وهێرش دەبنە سەر دەربیجەکانی ساغی دڵ. ئەم باکتریانە پاش زۆر بوونیان لە ناو دڵ، لە ڕێگای سیستێمی سووڕانی دڵ لە لەشی مرۆڤدا بڵاو دەبنەوە ودەبنە هۆی عفونەتی ئەندامەکانی تر، بە تایبەت گورچیلەکان، سییەکان و مێشک. ریسکی ئەم نەخۆشیە لەخووگرەکان کە بە شێوەیکی بەردەوام لە ڕێگای دەرزیەوە مادەی سڕکەر بەکار دێنن زۆرتر لە خەڵکی ترە. ئەم نەخۆشیە ئەگەر دەرمان نەکرێ دەتوانێ لە ماوەی چەند ڕۆژ تا کەمتر لە ٦ حەوتوو بەپێی پێشچوونی نەخۆشیەکە هۆی مردن بێ.

## ئێندۆکاردیتی ژێرکوتوپڕ- Subacute Endocarditis.

گرووپی باکتریەکانی ستریپتۆکۆک وەک: Streptococcus Sanguis, Mutans, Mitis , Milleri کە لە حاڵەتی سروشتیدا لە ناو دەم و گەرودا دەژین هۆی ئەم چەشنە نەخۆشیەن. ئەو دەربیجانەی دڵ کە پێشتر تووشی ئازار بوون زۆرتر تووشی ئەم نەخۆشیە دەبن. دەرمان نەکردنی ئەم نەخۆشیە دەتوانێ هۆی مردنی نەخۆش لە ماوەی ٦ حەوتوو تا سالێکدا بێ.

## لەم کەسانەدا ریسکی هەوی ناوپۆشی دڵ بەرزترە:

- ئەوانەی کە تووشی ئالۆزیەکانی تەواوکاری زگماکی دڵن ( وەک نەبەسرانی دیواری نێوان دو ئاتریومی(دالانی) دڵ).
- ئازار دیتنی دەربیجەکانی دڵ وەک ئاکامی یاوی روماتید یا ئەستووری دەربیجەکان. کۆبوونەوەی کالسیۆم کە بەرهەمی چوونە سەرێی تەمەنە دەتوانێ هۆی ئەستووری و رەق بوونی دەربیجەکان بێ.
- دەربیجەی دەستکرد و یا مادەی بێگانە لە دڵ وەک پێس مەیکەر ( کوتە ساز).
- مەسرەفی مادەی سڕکەر لە رێگای دەرزی لێدانەوە.
- نەخۆشیەکانی درێژخایەن کە دەبنە هۆی کزی سیستێمی بەرگری لەش وەک : نەخۆشی شەکر، ئەلکۆلی بوون، شێرپەنچە وشیمی دەرمانی.
- نەشتەرگەری وەک: برین و دەرهێنانی ئالوو(لەوزەتین)- Tonsillectomy.

## نیشانەکانی هەوی ناوپۆشی کوتوپڕ

- بەرز بوونی یاو(تەب).
- ئێشی سینگ.
- نەفەس تەنگی.
- کۆخە.
- پچڕانی وردە رەگەکانی لەپی دەست و پێ.

- لەكاتی سەخت بوونی ئازاری دڵ نەخۆش تووشی راتەكان (شۆک) و بێ هۆشی دەبێ.






## نیشانەكانەی هەوی ناوپۆشی ژێركوتوپڕ

- عارەقەی شەوانە.
- لەرز و تا.
- تا( تەب).
- ئێشی ماسولكە وجومگە.
- هەستی بەردەوامی ماندوویی.
- نەفەس تەنگی.
- سەرئێشە.
- بێ ئیشتیایی.
- لەدەست دانی قورسایی لەش.
- بەرهەم هاتنی گرێی ورد و ئێشدار لە ژێر پێستی قامكەكانی لاق و دەست (osler nodes).
- پچڕانـی وردە دەمـارەكـانی چـاو، مـەلاژک، سـینگ و قامكـەكـانی دەست وپێ.

## ئاڵۆزیەکان و مەترسی:

- نارێک لێدانی دڵ.
- داماوی دڵ.
- هێرشی دڵ( سەکتەی دڵ).
- پریکاردیت.
- جوێ بوونەوەی دەڵەمەی خوێن لە دیواری دەمارەکان و ڕۆیشتنی بۆ مێشک، سییەکان و خوێنبەری کرونیری دڵ کە دەبێتە هۆی سەکتەی دڵ و مێشک.

## چارەسەرکردن

لەئێندۆکاردیتی باکتریایی پێویستە بۆ ماوەی ٤ تا ٦ حەوتوو ئانتی بیۆتیک وەک: Penicillins, Cephalosporins, Gentamicin,Vancomycin به نەخۆش بدرێ.

لە حاڵەتەکانی خوارێ پێویست بە جەراحی دڵ هەیە :

- ئازاری دەربیجەکانی ئائۆرت و میترال کە دەبێتە هۆی گەرانەوەی خوێن و داماوی دڵ.
- ناکۆکی کاری دەربیجەکانی دڵ و بەردەوام مانی عفونت دوای تێپەرینی ١٠ رۆژ لە ئانتی بیۆتیک دەرمانی شیاو.
- زۆربوون و بە یەک نووسانی ناسروشتی میکروبەکان کە دەبێتەی هۆی بەرهەم هاتنی برین (vegetation)لە سەر دەربیجەی دڵ کە ئەندازەی پتر لە ١٠ میلی میتر بێ.( بروانە وینەکانی خوارێ)





- ئەو کاتەی کە کارگەکان هۆی نەخۆشی بن. کارگەکان وڵامی شیاو بە دەوا دەرمانی نادەن.

## سەرچاوەكان

- بە زمانی ئینگلیسی


- Harrison's "Principals of Internal Medicine,15th edition
- Cecil Essentials of Medicine,4th edition
- The Care of The Medical Patient,5th edition.Fred F.Ferri,MD
- Guide to Inpatient Medicine,Sanjay Saint,M.D.P.H& Craig Frances,M.D
- Treatment Guidelines,2002 edition,Paul D.Chan,MD&Margaret T. Johnson,MD
- Merck Manual of Medical information,Home edition,Robert,M.D Edittor–In–Chief
- Emergency Medicine 5th edition,David M.Cline and …
- Your Heart,The American Medical Association,Home Medical Libery,Medical Editor Chales B.Claymann,MD
- Cardiomyopathy, texasheart.org
- http://www.nlm.nih.gov
- http://www.patient.co.uk
- http://www.mayoclinic.org/
- http://www.tmc.edu/thi/anatomy2.html
- http://heartdisease.about.com
- http://www.americanheart.org
- http://www.ehealthmd.com
- http://www.intelihealth.com
- …….

- به زمانی ئالمانی

- Praxisleitfaden Allgemainmedizin,3Auflage.Herausgeber:Prof.med.St.Gesenhaues.Ochtrup/Essen;Dr.med.R.Ziesche,Bad Essen
- Innere Medizin,J.Scholmerich und …
- Herzinfarkt (Myokardinfarkt), **Prof. Dr. med. Michael Böhm**, Facharzt für Innere Medizin und Kardiologie, **http://www.netdoktor.de/krankheiten/fakta/herzinfarkt.htm**
- Herzinfarkt (Myokardinfarkt), Deutsches Medizin-Netz 1998-2004 **http://www.medizin-netz.de**
- HEXAL MEMO MED,2.Auflage.Dr.med Sönke Müller

# كۆلسترۆڵ




کۆلسترۆڵ مادەیەکی نەرم و چەوریدارە کە بە شێوەیەکی ئاسایی لە ئەندامەکانی مرۆڤدا بەرهەم دێ ( ٨٠ لە سەدی لە جەرگدا ). کۆلسترۆڵ لە پێکهێنان و ساخکردنەوەی پەردەکانی سیللولی(خانەکان– cells)، بەرهەم هێنانی هۆرمۆنەکانی ئیسترۆییدی وەکو: هۆرمۆنەکانی جینسی ئسترۆژن و تەستۆسترۆن و هەروەها ئەسیدی زیلک، رۆڵێکی سەرەکی دەگێرێ. رێژەی بەرهەم هاتنی رۆژانەی کۆلسترۆڵ لە لەشی مرۆڤدا یەک گرەم و رێژەی پێداویستی رۆژانەی لەش ٠,٣ گرەمە. نەگۆڕی ئاسایی کۆلسترۆڵی خوێن ١٥٠ تا ٢٠٠ میلی گرەم لە دیسی لیتردایە.

کۆلسترۆڵ بە تەنیایی ناتوانێ لە نێولەشدا بگەڕێ و پێویستی بە تێکەڵبوون لەگەڵ پرۆتێین و بەرهەم هێنانی "لیپۆپرۆتێین "دا هەیە. لیپۆپرۆتێین هەڵگر و گوێزێنەری کۆلسترۆڵە. کۆلسترۆڵ و چەشنێکی تری چەوری خوێن بە ناوی تریگلیسیرید لە ناوەندی لیپۆپرۆتێین جێگیر دەبن، و پرۆتێین و فۆسفۆلیپیدیش لە دەرەوە دایان دەپۆشن. بەرچاوترین لیپۆپرۆتێینەکانی لەش بریتین لە:

- لیپۆپرۆتێین بە چڕی کەمەوە – Low Density Lipoprotein(LDL)

• لیپۆپرۆتێین بە چڕی زۆرەوە- (High Density Lipoprotein(HDL

جیاوازی لیپۆپرۆتێینەکان لە نیسبەتی کۆلسترۆڵ و تریگڵیسیرید دایە. زۆر بوونی ڕادەی لیپۆپرۆتێین بە چڕی کەمەوە (LDL) لەخوێن و نیشتنی لە ڕەگەکاندا یەکێک لە هۆیەکانی سەرەکی تەسک بوونی ڕەگەکانی کرۆنێری دڵە. بەرز بوونی ڕادەی LDLی خوێن( ١٦٠ میلی گرەم و پتر) نیشانەی بەرز بوونی مەترسی نەخۆشیەکانی دڵ و دەمارە و وەک "کۆلسترۆڵی خراپ" دەناسرێ. ڕادەی دڵخوازی LDLی خوێن ١٠٠ میلی گرەم لە دیسی لیتردایە.







لیپۆپرۆتێین بە چڕی زۆرەوە (HDL) هەڵگری سێ یەک و یا چوار یەکی کۆلسترۆڵە و زۆر بوونی ئەم چەشنە کۆلسترۆڵە (پتر لە ٤٠ و تایبەت ٦٠ میلی گرەم لە دیسی لیتردا) مەترسی نەخۆشیەکانی دڵ و دەمارە کەم دەکاتەوە و وەک "کۆلسترۆڵی باش" دەناسرێ. لە HDL نیسبەتی ڕادەی پرۆتێینەکان پتر لە کۆلسترۆڵ و تری گڵیسیریدە. HDL هۆی دەرکێشان و دور کردنەوەی کۆلسترۆڵی نێو سیللولەکان و دیواری ڕەگەکان و بردنی ئەوان بۆ نێو جەرگە. کۆلسترۆڵ لە جەرگدا دەبێتە ئەسیدی زیلک و لە کیسەی زیلکدا عەمبار دەکرێ تا لە هاڕینی خواردەمەنیەکاندا بەشداری بکا.

تری گڵیسیرید چەشنێکی تری چەوریە کە لە جەرگ و تانی چەوری بەرهەم دێ. ڕادەی دڵخوازی تری گڵیسیریدی خوێن ١٥٠ میلی گرەم لە دیسی لیتردایە. لەو کەسانەی کە ڕادەی تریگڵیسیریدی خوێنیان